# NATO

# ناتـۆ، ناوەندێك بۆ سەپاندنی هەیمەنەی فەرەنسا

## وەڵامێك بۆ رژێس دێبرەو ململانێكانی شیراك و سارکۆزی و هۆڵاند

نوسینی: هوبێرت ڤێدرین، وەزیری پێشوتری دەرەوەی فەرەنسا
لە فەرەنسییەوە: ئاریا نوری   لە فارسییەوە: محەمەد ئەمینی

مانگی رابـردو لە یەکێک لە گۆشەکانی گۆڤارەکەمان (لۆمۆند دیپلۆماتیک) "رژێـس دێبـرە" سەرکۆنـەی "هۆبێرت ڤێدرین" ی کردبوو بە هۆی ئەو پێشنیارانەی سەبارەت بە مانەوەی فەرەنسا لە فەرماندەیی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی خستبویە بەردەم فرانسوا هـۆلانـد. هـوبـێـرت ڤـێـدریـن لە وەڵامـەکـەیدا لـەو روانـگـەوە کە ناتۆ هەرگیز بە بەربەستێک دانانرێت لە بەردەم ئەو ئەندێشە ستراتیژیانە کە وێرای سەبەخۆبوونیان بەرزەفرانە و روونیش بن، پێداگری لەسەر بیروبۆچوونەکانی کردوە.

من بە وردی ئەو بابەتەی تۆم خوێندەوە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بە رێگەی لۆمۆند دیپلۆماتیک نوسیبووت لـەبـارەی پێشنیارەکەی من بۆ هۆلاند لەسەر گەڕانەوەی فەرەنسا بۆ فەرماندەیی هێزەکانی ناتۆ و دورنمای بەرگری ناوچەی یۆرۆ خسبوومەڕوو بۆ ئەوەی رەچاویان بکات.

دڵـخـۆشـم بــەوەی کـە دەتـوانـیـن بە شێوەیـەکـی جـوان و گشتی لـە بـارەی بابەتێکەوە بدوێن کە لە سەردەمی فرانسوا میتران، واتـە لە سی ساڵ بەرلە ئێستا و تا ئێستا بە بـەردەوامـی خـراوەتـەڕوو. مشتومڕێکی پڕجۆش و خـرۆش، بەسود،



هەندێکجاریش پڕکێشە بەڵام لەگەڵ ڕێز و بڕوابەخۆبووندا.

دەقەکەی تۆ زۆر جار بە ئاستێکی بەرچاو لەو شتە دور دەکەوێتەوە کە من مەبەستم بووە بیخەمەڕوو. ئەمە ئەندێشەیەکی دڵتەزێنە لە بارەی لە ناوچوونی سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا، لە دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە تا ئەم سەردەمە، بە هۆی زاڵبوونی هاوچەرخی تاکچیەتی و مەسیح چیەتی و بۆشایی ئێستای ئەوروپا کە هەر چەشنە پرۆژەیەکی مێژوویی تەواوکەر لەبار دەبات و بێ کەڵکی دەکات.

لە بارەی تیۆری زاڵبوونی ڤینۆس بەسەر مەریخ، چیرۆکی سەربزێوی کۆتایی جیهان کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سان ژوسێت : لە راستیدا بەختەوەری تاکە کەسی ئایدیایەکی نوێ و سەرشێوێنەر بووە، کە دوو سەدە دواتر بەجیهانی دەبێت. کەواتە سودی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، هاوسەنگی هێز و سیاسەتی دەرەوە لە چیدایە؟!

لە راستیدا من هەوڵدەدەم وەک تۆ زۆر بەو پرسیارەوە خۆم نەتلێنمەوە و زۆریش بڕوام پێی نییە: لە دێر زەمانەوە و تا داهاتویەکی دورەدەست لە جیهانێکدا کە رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی دانیشتوانەکەی لە بەرزبوونەوەدایە، ململانێکان لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون، سەرچاوەکان، بازاڕەکان، سامان، هێز، ئەندێشە و بڕواکان بوونی هەبووە و دەشیبێت. ڕووبەڕووبوونەوەی لە رادەبەدەری پرسە ئاشتی

**بەپێی ڕێکەوتنامەی (1949)پێویستە ناتۆ بەردەوامی هەبێت، دور نییە لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی ئەفغانستان تەمەنی ناتۆش کۆتایی پێبێت**

هەڵنەگرەکان، ئەو دەرەنجامە ژینگەییانەی لە بەردەماندان، بەبێ ڕێبەرایەتی کارامەی جیهان و ڕێبەرایەتی کردنی خەڵک بەسەر جیهانی سروشتیدایە و ناتوانرێت چاوەڕوانی گەیشتن بە یۆتۆپیای

کانتی لێبکرێت.

ئەوەش کە ئەوروپیەکان لە دۆخی ناوشیاریەکی ستراتیژی و دەستەوەستان لە بارەی تێفکرین لە مێژوو- کە لەگەڵ ئەوان و بەبێ ئەوانیش بەردەوام دەبێت- دەبینین، هۆکارێکیترە لەسەر نیگەرانیە روو لە زیادبوونەکانمان.

**دەرچوون لە خراپترین دۆخدا؟**

بەڵام ئەگەر بمانەوێت بگەڕێنەوە بۆ سەر تەوەری باسەکەمان بە بیرت دێنمەوە کە ئەو پرسیارەی لە من کرابوو نەک لە بارەی گەڕانەوە یان نەگەڕانەوە بوو بۆ ناوەندی فەرماندەیی هێزەکانی ناتۆ بەڵکو تاوتوێکردنی دەرەنجامەکانی ئەو گەڕانەوەیە بوو.

ئەو کاتەی بەڕێز هۆلاند منی بەو ئەرکە راسپارد، دوای هەوڵە بێ ئاکامەکەی شیراک لە نێوان ساڵەکانی (1995 و 1997)، ئەم گەڕانەوەی پێشتر لە ساڵی (2009) لە لایەن سارکۆزیەوە بڕیاری لەسەردرابوو و خرابوە بواری جێبەجێکردنەوە و لەئەنجامدا من بەرپرسیارێتی تاوتوێ کردنی دەرەنجامەکانی ئەو بڕیارەم گرتە ئەستۆ. بە بڕوای من لێکدانەوە و تاوتوێکردنی دەرەنجامەکانی بۆ رابردویەکی زۆر دوریش ناگەڕێتەوە و پۆلێن کردنەکەشیان بەم جۆرەی لێدێت:



دەرەنجامە ئاسایی و نەزۆر روون و زەقەکانی وەک کارتێکەریەکی بەرچاو لەسەر پێکهاتەی ناتۆ، سەرلەنوێ دارشتنەوە و دابەشکردنی ئەرکەکان و لە ئەنجامیشدا پشتڕاستکردنەوەی گونجاوبوونی ستراتیژی ڕێگریکاری- بەرگری و لە هەمان کاتدا بە بێ هیچ کاریگەریەک لەسەر ستراتیژی گشتی لە ئەفغانستان. کەواتە بە گشتی چەندین کاریگەری و بە شێوەیەکی کردەکی ئەرێنی و نەرێنی لە گۆڕێدان.

دەرەنجامە ئەرێنیەکانی ( زیادکردنی کارتێکەری) تەنیا ئەو کاتە هەستی پێدەکرێت و دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە لە ناتۆدا سیاسەتێکی بەرزەفڕانە و روون پشت ئەستور بە ستراتیژی شیاو- هەر وەک ئەوەی لە دڵی ئەوروپادا دەیبینین، بە بێ بەگژیەکدا کردنی دوو رەگەزە پێکهێنەرەکەی- بگیرێتە بەر.

تۆ گومانت هەیە لە تواناکانی فەرەنسا بۆ چەسپاندنی ئەو رەوشە ( کەواتە بە دڵنیاییەوە لە دەرەوەی ناتۆش فەرەنسا ئەو توانایە نابێت) بەڵام من ئێستاش لەگەڵ ئەوەدام.

سەر لەنوێ چوونەدەرەوە لە ناتۆ لە خراپترین کات و بەبێ هۆکارێکی پاساوهەڵگر، قەیرانێکی بێ سود و دژواری لەگەڵ ئەمریکا و زیاتر لەوەش لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی و لە سەرووی هەموشیانەوە ئەڵمانیا لێدەکەوێتەوە.

**لەبەر چ هۆیەک پێویستە فەرەنسا لە ناتۆ بکشێتەوە؟**

تەنیا چەند وڵات پشتگیری لەو هەنگاوە دەکەن بەڵام بۆ فەرەنسای (2013) هاندانەکانی ڤلادمیر پۆتن و بەرازیل بە کەڵکی چی دێت؟ بەرازیلێک کە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا دەپارێزێت، بەڵام بە گوتاری وڵاتێکی جیهانی سێهەمی ساڵەکانی (1970) وە دەناسرێتەوە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە فەرەنسا بگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستەکانی ساڵانی (1960).

لەوەش گرنگتر لە روانگەی منەوە ئێمە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەستەویەخە نین ، کە ژەنەڕاڵ دوو گۆڵی ناچارکرد بۆ ئەوەی لە ساڵی (1966)لە پەیمانی ناتۆ بکشێتەوە- کە کارێکی راست و لەجێدا بوو- وەک سیاسەتە ڕێگریکارانەکانی ئەمریکا و نەرمی نەنواندنەکانی سەرۆک لیندۆن جۆنسۆن ، شەڕی ڤێتنام و دەرنجامە خشکەییەکانی.

بە کورتی کشانەوە لە پەیمانی ناتۆ لە ساڵی (2013) دا بۆ فەرەنسا بژاردەیەکی جێی تێڕامان و راوەستە لەسەرکردن نابێت. تۆ یەکێتیەکی روولەگەشە دەبینی، لەکاتێکدا من نادڵنیابوونەکەی بە ئاینده. لە راستیدا تۆ هیچ ئاماژەیەک بەو شتانە ناکەی کە پێویستە لە ساڵی (2013)و لە دوای کشانەوە لە ناتۆ لە بەرامبەر وڵاتانی رووڵەگەشە پەیڕەو بکرێت، لە کاتێکدا هیچ پەیوەندیەکیشمان بە مانەوە یان نەمانەوە لە ناتۆ نییە. ئەڵمانیا کە سەر لەنوێ سیاسەتی دەرەوەی دەکەوێتەوە گەڕ، ئەم کارە بە باشی دەخاتەڕوو.

بەهەر حاڵ نابێت خۆمان بە ژەنەڕاڵ دووگوڵ – کە هاوشێوەی تۆش لە لای من جێگەی ڕێزە و پێزانینم بۆی هەیە- وەک روخسارێکی پیرۆز یان تەنانەنت لە چرکەساتێکی بەرەوپێشچوونەکانی ئەو دا سنوردار بکەین.

سیاسەتی دەرەوەی ئەو لە ساڵەکانی (1966 بۆ 1967) (دوو ساڵ لە یانزە ساڵ) لە لای هەندێک بڕوایەکی قوڵە لەسەر تێپەرکردنی کات کە منیش لۆمەیان ناکەم. بەڵام زیرەکی ئەو لەگەڵ واقع بینی، هەنگاونان بەرەوپێش و پراگماتیزمدا تێکەڵ بوو. هەر ئەوەندە بەسە سیاسەتەکانی لە بەرامبەر ئەڵمانیا و ئەورپا بخەینە بەر لێکۆڵینەوە. تەنانەت ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ئەو لە بەرامبەر ناتۆش لەسەر بنەمای بەڕێوەبەری سێ لایەنە و لەوانە بەشداری فەرەنسابوو نەک کشانەوە لێی. ئەو هەشت ساڵ دوای گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات لە ناوەندی فەرماندەیی یەکگرتووی ناتۆ (نەک پەیمانی ناتۆ) کشایەوە. کەواتە نابێت ئەفسانەیەک لە بارەی ئەو بڕیارە لە ساڵی (1996) داتاشین و لێکدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی دوگۆڵ تەنیا لە دووتوێی ئەو پرسەدا لە چرکەساتێکی هەستیاری شەڕی سارددا بە هیچ جۆرێک دادپەروەرانە نییە.

دووگۆڵ بە دڵنییایەوە لە قەیرانە گەورەکانی رۆژهەڵات- رۆژئاوا هەموو کات لە پاڵ هاوپەیمانەکانماندا بووە.

رەنگە ئەگەر ئەو لە سەردەمی خۆیدا ریچارد نیکسۆن یان هینری کسینجەری لە بەرامبەر خۆیدا بدیایە، فەرماندەیی هێزەکانی ناتۆی جێنەدەهێشت، بەڵام لەبارەی فراوانتربوونی ناتۆ لە پاش ئەوەی فەرەنسا لێی کشایەوە، جێی ئاماژەیە کە بە درێژایی (40) ساڵ هیچ وڵاتێکی ئەوروپی بە شێوەی سەربەخۆ ( لە پەیمانی یەکێتی و نە لە ناتۆش) نەچوەتە ریزەکانیەوە. لە نێوان ساڵانی (1996 بۆ 2010)، تەنانەت ئەڵمانیاش لە سەردەمی دوانەی فەرەنسا- ئەڵمانیا.

دەکرێت هاوکات لەگەڵ ئەندامبوون لە ناتۆدا خاوەنی سیاسەتێکی بەهێزیش بێت و پێویست ناکات، کە دەبێت لێی بکشێیتەوە. چوونەدەرەوەی بێ چرپەی فەرەنسا لە گۆڕەپانەکە کە تۆ ئاماژەت پێداوە لە ماوەیەک بەر لە ئێستاوە دەستی پێکردوە، هەر لەو سەردەمەوە کە لە دەرەوەی فەرماندەیی ناتۆدابوو ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەرئەوەی چوونەدەرەوە چارەیەک نییە بۆ مانەوە و هێز و گەرنتیەکیش نییە بۆ بەرزەفڕیەکان و ئەوەش کە ئەندامبوون لە ناتۆ هیچ کات کێشەیەکی سەرەکی نەبووە. لە ئێستادا ناتوانرێت بە ژیاندنەوەی هەڵوێستێکی پڕ شانازی و لەهەمان کاتدا پەناگەیەکی ئاسودە، لە فەرەنسا و ئەوروپا بانگەشە بۆ واتای مێژوو و پێویستبوونی ستراتیژی بکرێت و ناشکرێت ئەم کارە بە چوونەدەرەوە لە ناتۆ و بەبێ دۆزینەوەی ئامانج و توانای پێویست دەستی بۆ ببرێت، لەبەرئەوەی هیچ یەکێتییەکی فەرەنسی زمان وەک جێگرەوە بوونی نییە.

لەگەڵ ئەوەدام کە پێگەی ئێمە لە رابردودا ببوە هێمایەکی سیاسی کە لەسەر ناوەڕۆکەکەی جۆرە ڕێکەوتنێک لە نێوان سیاسەتمەدارە فەرەنسیەکان سازببوو.

جیا لەوانەش من وەک خۆم پاڵپشتیم

لە بڕیاری سارکۆزی نەکردبوو لە بارەی گەڕانەوە بۆ فەرماندەیی هێزەکانی ناتۆ بە هۆی ئەوەی لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جۆرج بۆشدا ئەو بڕیارە درابوو، هەروەها هۆکارێکی مشتومڕئامێز (بنەماڵەی ڕۆژئاوایی، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەمریکیەکان بێجگە لە پارێزگارەکانیان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون) و گوماناوی لە ئارادابوو: ئەمە دەبوە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرگری ئەوروپا، وەک بڵێی پێگەی تاکەکەسی فەرەنسا هۆکارێکە لەسەر ئەم لاوازیەی بەرگریکردنە و نەک ئەوەی ئەوروپیەکان- بە شێوەی گشتی- خوازیاری سیستمی بەرگری نیین.

ئەمەش ڕێگری نەکرد لەو بڕیارەی لە ساڵی (2009)دا درابوو کە دۆخێکی نوێی هێنابوە کایەوە. ڕێک لەو کاتەیەوە کە ئێمە لە پەیمانی ناتۆ بکشێینەوە و بەردەوام بین لەسەر ئەو دۆخە، دژوارترین کار بڕیاردانێکی کوێرکوێرانە دەبێت هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە من سیاسەتێکی بەتەواوەتی بەرزەفڕانەم بۆ ناتۆ پێشنیاز کردوە بۆ ئەوەی بزانین کە پێویستە چی بکەین و چ سیاسەتێک لە بەرامبەریدا بگرینەبەر. هەر لەو کاتەشدا پێویستیمان بە لێڕوانینێکی ڕوونتر و باڵادەستانەتر بەرامبەر بە هاوبەشەکانمان دەبێت لە سیستمی بەرگری ئەوروپی ( من لە مانگی تشرینی دووەم لەوبارەوە بابەتێکم نوسیبوو: ناوچەی ڕۆخ (لێوار) دەبێتە تاقیکردنەوەیەک بۆ ئێمە).

من لەسەر ئەو بڕوایەم ئەم کارە دەستدەدات و هەر لەم خاڵەشدایە کە مەودایەکی زۆر دەکەوێتە نێوان من و لێکدانەوەکەی تۆ. ئێمە نابێت دیوەزمەیەک لە ناتۆ داتاشین لە کاتێکدا ئەم پەیمانە دەرفەتێکمان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوویی و کارتێکەری خۆمانی پێ پەرەبدەین.

بە بیرخستنەوەیەکی گرنگتری مێژوویی ئەوەیە کە هەر وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوایی بوون کە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستەگەڕ لە پێناو ئەوەی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا لە ئەورپا بمێنێتەوە و کاتێکیش کە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا لە ساڵی (1948) پرۆژەیەکی لەبارەی پەیمانێکی پابەندکار لە ژێرناوی «مارشاڵ» پەسەند کرد، ئەم ڕێکخراوەیە هێشتا لایەنی سەربازی بە خۆوە نەگرتبوو.

شەڕی کۆریا دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەم ڕێکخراوەیە باری سەربازی بە خۆیەوە بگرێت، دواتریش بە دڵنیاییەوە ویلایەتە یەکگرتوەکان ناچار بوو تا بە تەواوەتی ڕێبەرایەتی و و فەرماندەیی ئەم ڕێکخراوەیە لە ئەوروپا بگرێتە ئەستۆ (دوو شەڕی جیهانی لە لایەن ئەورپیەکانەوە چیتر بۆ ئەوان بەس نەبوو) ئەم بابەتەش بوو کە نارەزایەتی ژەنەڕاڵ دووگۆڵی لێکەوتەوە ئەو بەیاننامە توندانەی بەدواوە هات کە تۆ ئاماژەت پێکردوە.

لە ئێستاشدا ئەوروپیەکان هەراسانن لەم مەیلە تەواوە لۆژیکیانەکەی ئۆباما بەرەو ئاسیا و هەوڵدانەکانی لەو ناوچەیە بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکی تێیدا هەبێت. ئەگەر ئەوان لە ساڵانی (1949–1951) بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆیان دەستەودامێنی ئەمریکا بوون و لەو کاتەش بەدواوە خۆیان لە هەر چەشنە ئەندێشەیەکی ستراتیژی بە پارێزراو دانابوو (مەگەر بە ڕێژەیەکی کەم لە فەرەنسا و بەریتانیا نەبێت) هیچ جێیەک بۆ گلەیی لێکردن و سەرکۆنەکردنی ئەمریکا نامێنێتەوە و ئەمە ئەوروپیەکانن کە پێویستە سەرکۆنە بکرێن.

ئەوەی کە لەمڕۆدا لە ناتۆ ڕوودەدات نەک هۆکار، بەڵکو ئاماژە و نیشانەیە. جیا لەمەش سەرباری ئەوەی بەپێی ڕێکەوتنامەی (1949)پێویستە ناتۆ بەردەوامی هەبێت، دور نییە لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی ئەفغانستان تەمەنی ناتۆش کۆتایی پێبێت.

بەردەوامبوونی پەیمانی ناتۆ چ سودێکی هەیە؟بە جۆرێک دەتوانێت وەک قەڵغانێکی بەرگری کردن بێت لە وڵاتانی باڵکان و پۆڵۆنیا لە بەرامبەر ڕوسیادا. نمونەی دەستوەردانی سەربازی لە ناوچە دوردەستەکان زۆر دەگمەن دەبێت. چۆن دەتوانرێت پاساو بۆ سیستمی بەرگری موشەکی بهێنرێتەوە ئەگەر هەڕەشەکانی ئێران لە ئارادا نەمێنن لەم حاڵەتەشدا بوونی ناتۆ بۆ ویلایەتەیەکگرتوەکان بێ کەڵک دەبێت. لە ڕاستیدا هەندێک پرسی نوێش لە ئارادان، وەک هەڕەشەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت کە نابێتە پاساوێک بۆ بوونی چیەتی سەربازی ناتۆ.

تۆ لەسەر بنەمای وتەکانی گابریەل ڕۆبن کە ماوەیەک بەر لە ئێستا باسی لە هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی پەیمانی ناتۆ دەکرد، ئەنجامەکەت خستوەتەڕوو (نەک بەپێی ئەو سەردێڕەی لە لۆمۆند دیپلۆماتیکدا باست لێوەکردبوو لەسەرئەوەی تەنیا فەرەنسا لەو پەیمانە بکشێتەوە).

بەڵام مەگەر هەر ئەوە نییە کە هەموان دەیانهەوێت ناتۆ درێژە بە بوونی خۆی بدات؟ ئەمە ئەمریکیەکان نین کە بە هۆی نەمانی ناتۆوە زیانیان بەردەکەوێت، چوون بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی لە جیهان و دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستبوونی سەربازی خۆی هیچ پێویستیەکی بە ناتۆ نییە.

ڕۆبرت گەیتس – وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکا- پێشبینیکردوە زۆری نەماوە ئەو سەردەمە بگات گەر ئەوروپا لە پێناو بەرگری کردن لە خۆی دەستەوەستان بێت، نەوەی نوێی ڕێبەرانی ئەمریکا چیتر هیچ سودێک لە ڕاگرتنی پەیوەندیە سەربازیەکانیان لەگەڵ ئەورپادا نابیننەوە.

ئەمە وڵاتانی ئەوروپین کە سەرباری ئاگاداربوون لە لاوازبوونیان لە ڕووی سیاسیەوە بە هۆی جێگیرکردنی سیستمی بەرگریەوە تۆقیون لە دوورکەوتنەوەی ئەمریکا لە ئەوروپا و هەوڵدەدەن تەنانەت بە شێوەیەکی سنوردارکراوتریش پەیمانی ناتۆ بهێڵنەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا بە جۆرێک لە بەرامبەر بەرگریکردن لە ئەوروپا هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و لە لای گروپێکی ڕادیکاڵتریش ئامانجی ئەم کارە دابینکردنی کەرەستەی سەربازی پێویستە بۆ دەستوەردانە سەربازیەکانی ئەوروپا.

**پرسێک کە ڕیشەکانی لە ڕابردودایە**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە نوێیەی کە بە باشی لە لایەن ئۆباماوە لە خولی

دووهەمی سەرۆکایەتیەکی خرایەڕوو، وەرچەرخانی ناوخۆیی وڵاتەکەی بە ئامانجی سەرەکی خۆی داناوە، ڕوونە کە بەرژەوەندی ئێمە لە دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانمان لە چوارچێوەی ناتۆ بۆ بەرگریکردن و ڕێگریکردن لە وڵاتانی تر لە بارەی پیشەسازی ئەورووپا و دەستوەردانە دەرکیەکانەوە دەبێت.

واباشترە چیتر وزەی خۆمان بە مشتومڕ و دەمەتەقە لەبارەی پرسی مانەوە لە پەیمانی ناتۆ یان کشانەوەی لێی بە فیڕۆ نەدەین ( هاوشێوەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی بەریتانیا لەگەڵ پرسی چوونەدەرەوە لە ناوچەی یۆرۆ).

لەبارەی ئەو کارانەوە بیر بکەینەوە کە پێویستە لە پێناویدا و لە چوارچێوەیدا ئەنجامیان بدەین. لە سەردەمێکدا کە پەیوەندیەکان لەم جیهانە ناسەقامگرتوەدا بە خێرایی گۆڕانیان بەسەردا دێت و بەدەیان وڵاتی گەشەسەندو دێنە گۆڕەپانەکەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە لە لێکدانەوەی مندا پرسی ئەمریکا (فەرەنسا- ئەمریکا) جەوهەری و ریشەیی نییە، ئەگەر وابوایە وەک پرسێکی زۆر ساکار و لاوەکی لێدەهات. زلهێزبوون زیاتر لە دەیەیەکی نەخایاند -1990-. من ڕوانگە و وەهمە مۆدێرنەکانی ئەورووپیەکان بە مەترسیدارتر دەبینم. ئەمە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە کە بە بەردەوامی ئەوان لە بارەی هەرەسهێنانی ستراتیژی بەرگریانەوە وشیار دەکاتەوە- پرسێک کە ئەورووپا دەکاتە کێشوەرێکی لە چەکداماڵدراەو- و تەنانەت ئۆباما لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیەکەیدا ڕەزامەندی نواند لەسەر ئەوەی فەرەنسا لە پاڵ بەریتانیا لە پرۆسەکانی لیبیا و لە خولی دووەمیشدا فەرەنسا لە مالی ڕۆڵ بگێڕێت، کە لە لیبیا لە لایەن ناتۆ و لە مالیش لە لایەن ئەمریکاوە پشتیوانیان لێدەکرا.

ئایا دواجار ئەورووپیەکان لەبێ ئاگایی و کەمتەرخەمی ستراتیژی خۆیان دێنەدەر ، یان ئەو دەرفەتەی ئۆباما لە کیس خۆیان دەدەن کە بۆی ڕەخساندونو تۆ لە شیکردنەوەکەتدا هیچ ئاماژەیەکت پێنەکردوە-؟ سەبارەت بە پرسیاری - مانەوە یان کشانەوە لە ناتۆ- کێشەکە لە خۆماندایە نەک لە ئەمریکیەکان. من لەوە تێدەگەم کە تۆ لە ڕووی هەستەکانتەوە دەتەوێت لە بەرامبەر شۆکی ململانێکانی ئێستا یان داهاتوو بەرگری لە وڵاتەکەمان بکەی- کە ئێستا لە دۆخێکی خراپدایە-.

لە ڕوانگەی منەوە هیچ بژاردەیەکمان لە بەردەمدا نییە. پەناگەی ناپێتەوی بیر و باوەڕمان داڕماوە. ئێمە پێویستە هەر وەک ئامادەبوونمان لە یەکێتی ئەورووپا، گرووپی (7)، گرووپی (8) و گرووپی (20)یان هەر شوێنێکیتر درێژە بە مانەوەمان لە ناتۆ بدەین.

لەهەر حاڵدا چارەنوسی ئێمە لە بوارەکانیتردا یەکلایی دەکرێتەوە، ئێمە ناتوانین پرسی ستراتیژی لە کێبڕکێی ئابوری، کێبڕکێی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی ( وەک پیشەسازی بەرگری) پێشبڕکێی بازرگانی (وەک پرۆژەی بازرگانی ئازادی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا) و ژینگەی نەتەوەکان لە ئابوری جیهانیی بازاڕ کە وردەوردە خەریکە دەکەوێتە سەر پێ و لە کۆتایشدا کێبڕکێی نێوان هەر هەموو ئەمانە، جیابکەینەوە. ئەگەر فەرەنسا سەر لەنوێ هەڵنەستێتەوە، دابەزینی ئاستی دەستڕۆیشتوویەکەی خێراتر دەبێت، بەڵام من پێموایە تا ئێستاش سەرچاوەی پێویستمان لە بەردەستدایە.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا

هوبێرت ڤێدرین

سەرچاوە: BBC فارسی

